

# شتیفی گراف ئەستێرەی ئـــ



### سەرکەوتنەکانی گراف وەکو یاریزانی پیشەگەر

ساڵی ١٩٨٨ توانی یەکەمین نازناو بەدەســت بێنی، دوای ئەوەی لە پاڵەوانییەتــی ویمبلدۆنی بردەوە و ســاڵی ١٩٨٣ بەشــداری لە پاڵەوانییەتی فەڕەنســا کرد و لەچەند یارییەك سەرکەوتنی بەدەســتهێنا، لەهەمان ساڵدا گراف خوێندنی جێهێشــت و خولیای زیاتری خســتە سەر مەشقەکانی و گەیشتە پلــەی (٩٨)ی ریزبەندی جیهانی و ســاڵی ١٩٨٤ نازنــاوی پاڵەوانییەتــی تێنســی ســەرزەوی ئافرەتانی یارییەکانی ئۆلۆمپیــادی لۆس ئەنجیلۆسی ئەمریکی بردەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ بچووکتریــن یاریزان بووە کــە یەکەمین جار بەشــداری لە پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن بکات و ریزبەندی گەیشتە (٢٢)ی لەسەر ئاستی جیهانی، ساڵێك دواتر گراف گەیشتە یاری کۆتایی پاڵەوانییەتی ئەڵمانیای کراوە، گەیشــتە ریزبەندی شەشــەمین لەســەر ئاستی جیهان و لە ساڵی ١٩٨٦ توانی نازناوی پاڵەوانییەتــی ئەڵمانیای کــراوە بباتەوە و لــە یاری کۆتایی لــە کچە یاریزانی مارتینا نافیراتیلۆڤا بباتەوە، کە ئەو کات لە پلەی یەکەمی جیهان بوو، لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ســاڵ خەڵاتی باشترین وەرزشــوانی جیهانی لە تێنسی سەرزەوی وەرگرت، لە رکابەریەکی بەهێز لەگەڵ چەندین ئەستێرەی جیهانی وەکو ئەرژەنتینی گابریلا ساباتینی و ئیسپانی سانشــێز، دواتر کەوتە رکابەری یەکەمی ریزبەندی گشــتی جیهانی سویســری، مارتینا هینگیز نازناوەکەی لێوەرگرتەوە. شــتیفی گراف لە مێژووی پیشەگەری توانی (٢٢) نازنــاوی جیهانی بباتەوە و لەوانە شــەش پاڵەوانییەتی فەرەنسای کــراوە لەپاریس و چــوار پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن لە لەندەن و چوار پاڵەوانییەتی



شتیفی گراف لە ١٤ی تەممووزی ساڵی ١٩٦٩ لە ناوچەیەکی سەر بە شاری هاید لبیرگی ئەڵمانی لەدایکبووە و لە کۆمپانیای خۆماڵی باوکی فەرمانبەر بووە و دایکیشی کاری بازرگانی ئۆتۆمبێلی کردووە. جارێکیان بە دیاری رۆکێتێکی تێنسی سەرزەوی پێشکەش بە کچەکەی کرد، کە تەمەنی چوار ساڵانە بووە، هەر لەو تەمەنەوە دەستی بە ڕاهێنان کردووە و دواتر لە تەمەنی شەش ساڵی بەشداری لە پاڵەوانییەتی بەچکە شێرانی میونخ کرد و توانی نازناوەکە بباتەوە. ساڵی ١٩٧٧ هەر لەشاری میونخ پاڵەوانییەتی لاوانی بردەوە، باوکی بڕیاریدا واز لەکارەکەی بهێنی و مەشق بە کچەکەی بکات، لەیەکەم تاقیکردنەوەدا شتیفی گراف لە پاڵەوانییەتی ئەڵمانیا لە هۆڵەداخراوەکان، بەرانبەر بە یاریزانێك کە پلەی (٨٠) تووشی دۆڕاندن هات. لەساڵی ١٩٨١ گراف یەکەم یاریزانی ئەڵمانی دەبێ کە نازناوی جیهانی بۆ لاوان لە هەرێمی فلۆریدای ئەمریکی بباتەوە و لە تەمەنی سیانزە ساڵی توانی نازناوی پاڵەوانییەتی لاوان بۆ تەمەنی (١٨) ساڵی لە ئەڵمانیا بباتەوە و دوای چوار مانگ گراف توانی ناوی بخانە لیستی یاریزانە پیشەگەرەکانی جیهانی بە پلەی (٢١٤) لەسەر ئاستی جیهانی.

# ...اسنی تێنسی سەرزەوی جیهانی

ئوسترالیای کراوە، لەهەمان کاتدا گراف یەکەمین یاریزان لە جیهان بێت ماوەی سێ سەد وحەفتا وحەفت هەفتە پارێزگاری لەیەکەمی جیهانی بکات.

## ژیانی تایبەتی گراف

دوای دۆڕاندنی بە دە رۆژ لە پاڵەوانییەتی ویمبڵدۆنی ساڵی ١٩٩٩ کچە یاریزانی ئەڵمانی شتیفی گراف بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا، سەرەڕای ئەوەی لە هەمان ساڵدا نازناوی کەسایەتی وەرزشی لە ئەڵمانیا وەرگرت، دوای چەند هەفتەیەك شتیفی گراف لە خوشەویستەکەی شوفێری ئەڵمانی میکائیل بارتیلز جیابۆوە، دواتر باس لەوە دەکرا کە گراف پێوەندی خۆشەویستی راددەبەدەری لەگەڵ یاریزانی بەناوبانگی تێنسی سەرزەوی ئەمریکی ئەندرێ ئەگاسی هەیە و دواتر ژیانی هاوسەریان پێکهێنا و ئێستاش خاوەنی دوو منداڵن و لە ئەمریکا ژیان بەسەر دەبەن، گراف بە کچێکی ئاسنی و بەتواناترین هێزی لەش ناسرابوو.

# کوردستان پاڵەوانییەتی ڤیڤا،لە باوەش دەگرێت

**بڕیـــارە لە ســـاڵی ٢٠١٢پاڵەوانییەتی ڤیڤا بۆ وڵاتـــە بێنەتەوەکان، کە یەکێتی تۆپی پێی ڤیڤا ئەنجامـــی دەدەدات، یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتانیش وەکو ســـەرجەم یەکێتیی ەکانی تر توانی ئەمجارە متمانەی لە ئەســـتۆ گرتنی ئەم پاڵەوانییەتییە وەربگرێت، کوردستان بکاتە خاوەنی یەکەم پاڵەوانییەتی جیهانی لەسەر ئاستی وڵاتە بێنەتەوەکان،لە ئێستاوەش یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لە هەوڵی سەرکەوتن بۆ لە باوەش گرتنی ئەم پاڵەوانەتییە مەزنە، ئێمەش لەم بارەیەوە ئەم ڕاپۆڕتەمان ئەنجامداوە.**

**ڕاپۆرت :کارزان کانەبی**

دکتۆر ئـــاڵان قـــادر ئەمینـــداری لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لەمبارەیەوە وتی «ئێمە وەکو لێژنـــەی ئۆڵۆمپی کوردســـتان چەند مانگێك پێشتر لە ئامادەکاریداین،لە ئێستاشدا بودجەیەکی تایبەتمان پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کـــردووە، ئومێد دەکەین بەزووتریـــن کات ئەو بودجەیـــە ڕەزامەندی لەســـەر بدرێت. لە ڕێگای بەرکارهێنانی ئەو بودجەیەوە هەنگاوی زۆر گرنگمان لەسەرشانە، لەم ماوەیە کارەکانمان بکەین و پاڵەوانەتییەکە ئەنجـــام بدرێت. بەڵام بەداخەە تاکو ئێســـتا وەلامێکـــی ئیجابیمـــان لە ســـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بەدابین کردنی بۆنەهاتۆتەوە، بێگومان ئەو کارەی پێویســـتە لەســـەرمان بیکەین پێویستی بە بودجە هەیە، لەگـــەڵ هەندێك لایەنی تریش ئامادەکاریمان کردووە بە تایبەتـــی لەلایەنی مەعنەوییەوە، ئومێدیش دەکەین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو بودجەیە ڕەزامەندی لەســـەر بدرێت.

بـــۆ ئەوەی بتوانین

ئـــەو کارانەی کە پێویســـتی بـــە بودجە هەیە جێبەجێی بکەین،بە جوانترین شـــێواز پێشوازی لـــەم پاڵەوانییەتییە بکەیـــن، بێ گومان ئەمە ســـەرکەوتنی هەموو لایەکمانە، ســـەرکەوتنی کەســـێك یان لایەنێك یان دەزگایەك نییە، ئەو ســـەرکەوتنە بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان بـــەو روحییەتە ســـەیری ئـــەو پاڵەوانییەتییە بکەیـــن. کەوا بتوانین ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێنین، وتیشـــی بڕی ئـــەو بودجەی داوامان کـــردووە، زیاترە لە دوو ملیـــار دینار، ئەو بڕە پاریەیە کـــە داوامان کردوە بۆ نۆژەن کردنەوەی هەندێك یاریگاکانی کوردستانە بۆ میوانداری کـــردن و مانەوە و هاتوچـــۆی هەڵبژاردەکانە، ڕەنگـــە ژمارەی تیپەکانی ئەمســـاڵ، لە چاو ســـاڵانی تر زیاتر بێت، بۆیە پێویســـتیمان بە بودجەیەکی زیاتر هەبووە یەکەمجاریشـــە کەوا هەڵبژاردەی کوردســـتان لەسەر خاکی پیرۆزی کوردســـتان پاڵەوانەتییەکی فەرمـــی ئەنجام دەدات، بۆیە دەبێت هەڵبژاردەی کوردســـتان بە شێوەیەکی باش ئامادەبکرێـــت.

بۆ یـــە

هەڵبژاردەکەش پێویستی بە ئۆردوگای مەشقی هەیـــە بۆ ئـــەوەی بتوانێ بەشـــێوەیەکی باش ئامادەبکرێت و ئەوەش پێویستی بە بودجە هەیە، قسەشمان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کردووە بۆئەوەی چەندین یاری دۆستانە چ لە ناوەوە یان لەدەرەوە بۆ هەڵبژاردەی کوردســـتان ڕێکبخات، ئەوانە پێویستی بە بودجە هەیە.

ســـەلاح حەســـەن خەســـرۆ جێگری سەرۆکی لێژنـــەی ئۆڵۆمپـــی کوردســـتان لـــە بارەی پاڵەوانییەتـــی ڤیڤاوە وتـــی «ئێمە لە لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردســـتان گرنگییەکی زۆرمان بەو پاڵەوانییەتییە داوە، بۆ ناساندنی میللەتی کوردە بـــە جیهان و ئەو وڵاتانەی بێ ئاڵان، جاری وا هەیـــە ١٦بۆ١٤وڵات دەبن لە جیهانن، زۆربەیان لـــە ئەوروپان، ئـــەو پاڵەوانییەتیە، لە هەریەك لە وڵاتانی ســـوێد و ئیتالیاو ئیسپانیا ئەنجام دراوە، ئەمجارەش ئێمە لە کوردســـتان باوەشیان بۆ دەکەینەوە، هەم لە رووی تەکنیکی کە تۆپی پێیە ئێمە زیاتر گرنگی پێ دەدەین، وتیشـــی

ئێمە گرنگی زۆری










پـــێ دەدەین چونکـــە بابەتەکە پەیوەســـتە بە ناســـاندنی میللەتی کورد، ئایندەی سیاســـی کورد لە رووی وەزرشـــەوە گرنگە. ئاماژەشی بـــەوە دا کەوا ئێمە بتوانین پێشـــوازییەکی بێ وێنە بکەین بۆئەوەی سەر بەرزبین لە بەرەو پێش بردنی ئەو پاڵەوانییەتییە .

سەلام حوسێن ســـکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان وتی «ئێمەلە ئێســـتاوە خەریکی خۆئامادەکردنیـــن بۆ ئـــەو پاڵەوانییەتییە، کە پێنجەمین پاڵەوانییەتییـــە، ئێمە وەکو یەکێتی تۆپی پێی کوردســـتان هیچ درێغێك ناکەین بۆ لە ئەســـتۆ گرتنی ئەم پاڵەوانییەتییە، هەرچی پێمان بکرێـــت بۆخزمەتکردن و پێشـــکەوتنی وەرزشی کوردستان ئامادەین،ئەم پاڵەوانییەتیەش دەســـتەکەوتێکی گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان وەکـــو پاڵەوانییەتییەکانی تر وایە . وتیشـــی ئێمە ئەو پاڵەوانییەتییە شـــەرەفی میوانداریەکە لە ئەســـتۆ دەگرین، دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردســـتان وپەرلەمانی کوردســـتان ووەزارەتی رۆشنبیری ولاوان و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی رێك وپێك هەڵمەتێك ئەنجام بدەن. بۆئامادەکردنی یاریگاکانی کوردســـتان، وتیشـــی ئەگەر یاریـــگاکان ئامادەبوون ئەوا دەتوانین لەبەشێکی گرنگی ئەم پاڵەوانییەتییە سودمەندبین و سەرکەوین، دوای کۆتایی هاتنی پاڵەوانییەتییەکە سوودی بۆخۆمان دەبێت. وتیشی تۆپی پێ لایەنێکـــی گرنگە، هەموو لایەنێك کۆدەکاتەوە، لە بارەی هەڵبژاردەی کوردستانیش وتی ئەگـــەر یاریزانە بەتواناکانی کوردســـتان کۆبکرێنـــەوە ڕاهێنەرێکی بەتوانـــاش بهێنن، ئامادەکارێکی بـــاش بکەین دەتوانین ئەنجامی باش تۆمار بکەین. وتیشـــی ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی بەتوانا لە یانەکانی کوردستان هەن و بگرە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقیشـــن، بەڵام ئێســـتا ئەو عەرەبانە ئەو مافەی یاریزانە کوردەکانی ئێمەیان خواردوە،سەبارەت بە لۆگۆی پاڵەوانییەتی ڤیڤا،وتی ئێمە و لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان لۆگۆی ڤیڤامان پێشکەشی ئێن ئیف بۆرد کرد، لەوێش لۆگۆیەکە پەسند کرا .

ســـەرکار عەلـــی خـــان جێگری ســـەرۆکی یەکێتـــی تۆپی پـــێ کوردســـتان وتی «ئێمە لـــە ئامادەکاری دەبین بۆ ئـــەوەی بتوانین ئەو پاڵەوانییەتییە بە شـــێوەیەکی زۆر رێکوپێك لە باوەش بگرین، ئێستا کارە سەرەتاییەکان ئەنجام دەدەین،لە ئامادەکاریشین بۆ ئەوەی یاریگاکانی کوردستان ئامادەبکەین بە جوانترین شێوە، کاری لۆگۆیەکەمـــان تەواو کردوە پێشکەشـــی ئین ئێف فۆردمان کردووە، وتیشـــی ئێمە بەنیازین ئامـــادەکاری زۆر بـــاش بکەیـــن و بۆئەوەی ناوی کوردو کوردستان بەرزبکەینەوە، بەڵام بۆ دەست نیشـــانکردنی یاریزان جارێك زووە قسە لەســـەر ئەمە بکەین، چونکـــە هیچ تیپێکمان ئامادەنەکردوە کاتمان ماوە. دوای تەواو بوونی گشـــت کارەکانمان ئیجا تیپەکەش دەست نیشان دەکەین .

گەیلان سلێمان هاندەری وەرزشی وتی «من زۆر دڵخۆشم بە لە باوەش گرتنی ئەم پاڵەوانییەتییە کەوا کوردستان بۆ یەکەمجار لەئەستۆ دەگرێت، ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوەداین کەوا چ کاتێك ئەم پاڵەوانییەتییە ئەنجام دەدرێت، وتیشی پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك ئامادەکاری بۆ ئەو پاڵەوانییەتییە بکات. یاریگاکەکانیش ئامادەبکەن و بتوانن لەو پەڕی ئامادەســـازی دابین. منیش وەکو لاوێك بەپەڕۆشەوە چاوەڕوانی ئەو رۆژەم .



پێنەتەوەکان، کە



پێنەتەوەکان، کە



پێنەتەوەکان، کە



پێنەتەوەکان، کە

## کاتالانیج:

# هەولێر لەگەڵ هەر شارێکی ئەوروپی جیاوازی نییە



سەرەتا راهێنەری یانەی وەحداتی ئوردنی کاتالانیج، کە بە رەگەز خەڵکی کەرواتیا دەربارەی شاری هەولێر گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت چاوەڕوانی ئەم پێشکەوتنەم لە شاری هەولێر نەدەکرد، کاتێك گەیشتمە ئەم شارە بۆ من جێگەی سەرسووڕمان بوو، چونکە شارێکی ئارامە و هیچ کێشەیەکی نییە. بە بۆچوونی خۆم شاری هەولێر لەگەڵ هیچ شارێکی ئەوروپی جیاوازی نییە، ئەمەش جێگەی شانازییە و هیوادارام گشت ناوچەکان و شارەکانی تری عێراق بەهەمان شێوە ئارام و پێشکەوتوو بێت، لە هەمانکاتدا خەڵکی شاری هەولێر رێز لە میوان دەگرن و بایەخی پێدەدەن و لەهەمانکاتدا لە نێو یاریگا جەماوەری شاری هەولێر بە گیانێکی وەرزشی هانی هەردوو تیپەکەیان دەدا، پەیمان دەدەم کاتێك هەر شاندێکی کوردستان سەردانی ئوردن بکات بەهەمان شێوەی پێشوازییان لێدەکەین و خۆمان بە قەرزار دەزانین.

دواتر جێگری سەرۆکی یانەی تەڵبە محەمەد ئەلهاشمی گوتی: ئێمە وەك دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بڕیارماندا یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری لە شاری هەولێر وەکو یاریگەی خۆمان لە جامی یەکێتی ئاسیا دەستنیشان بکەین، چونکە خەڵکی ئەم شارە بەوە ناسراوە رێز لە میوان دەگرێت و پشتگیرییان دەکات و لە کاتی گەیشتنمان بۆ شاری هەولێر تا دوایین رۆژ خەڵکی ئەم شارە زۆر رێزیان لێگرتین و هەروەها شاری هەولێر ئارامە و هیچ کێشەیەکی نییە و ئێمە تەئکید بووین لەوەی، کە چۆن رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هۆکاری سەرەکی بوو لە رزگارکردنی عێراق لە قەیرانی سیاسی دوای ئەم دەستپێشخەرییە، کە بووە هۆکاری دروستبوونی حکومەتی عێراق ئەوەهاش خەڵکی شاری هەولێر پشتیگریمان لێدەکەن و هیوادارم گشت شارەکانی عێراق وەکو شاری هەولێر ئارم و پێشکەوتوو بێت.

دواتر راهێنەری یانەی تەڵبە سائیر ئەحمەد گوتی: دوای ئەوەی زیاتر لە سێ ساڵ کاری راهێنەرایەتیم لە یانەی هەولێر ئەنجامداوە، بۆیە لە نزیکەوە ئاگاداری ئارامی و پێشکەوتوویی ئەم شارەم و من یەکێك بووم لە کەسانەی، کە داوای گواستنەوەی یارییەکانی یانەی تەڵبە بۆ شاری هەولێرم کرد، چونکە ئەم شارە ئارامە و هیچ کێشەیەکی نییە و خەڵکی ئەم شارە وەرزش دۆستە و رێز لە میوان دەگەرن بۆیە جێگەی خۆیەتی، کە دەستخۆشی لە دەستەی کارگێری یانەی هەولێرو خەڵکی شاری هەولێر بکەم بەهۆی ئەم پێشوازییە گەرمەی، کە لە ئێمەیان کرد و هیوادارام گشت شارەکانی تری عێراق بەهەمان پێشکەوتن و بایەخ بە ژێرخانی وەرزشی بدەن.

دواتر ناوبژیوانی بەحرێنی سەڵاح ئەلعباسی، کە ناوبژیوانی یارییەکەی نێوان هەردوو یانەی وەحدات و تەڵبە دەربارەی شاری هەولێر گوتی: کاتێك گەیشتمە فرۆکەخانەی هەولێر نێودەوڵەتی بۆ من سەیر بوو، چونکە فرۆکەخانەیەکی زۆر پێشکەوتووی هەیە و هەروەها سەردانی گشت شوێنەکانی شاری هەولێرم کرد بۆ من زۆر جێگەی سەرسووڕمان بوو، چونکە ئەم شارە لە هەموو روویەکەوە ئارامە و پێشکەوتووە و هەروەها شوێنی یەکجاری خۆشی هەیە وەکو شەقڵاوە و مەسیف سەڵاحەدین و گشت پارکەکانی ناو شار و چەندین شاری تر، بۆم دەرکەوت کە ئەم شارە هیچ کێشەیەکی نییە و حەزم دەکرد کاتێکی زیاتر لەم شارە ببمەسەر، بەڵام بەهۆی یاساکانی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا نەمتوانی بمێنمەوە، بەڵام ئامادەم لە هەر کاتێکی تر بگەڕێمەوە شاری هەولێر و هەر یارییەکی نێودەوڵەتی یاخود دۆستانە لە شاری هەولێر ئەنجام بدرێت بەخۆشحاڵیەوە ئامادەم بەڕێوەی ببم، لە کۆتاییدا دەمەوێ زۆر سوپاسی خەڵکی شاری هەولێر بکەم بەهۆی ئەم پێشوازی گەرمەی کە لە ئێمەی کرد و هەروەها سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر و ئەرسەلان قادر ناوبژیوانی نێودەوڵەتی دەکەم بەهۆی ئەم

**شـــاری هەولێر لە رووی وەرزشەوە پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە و زۆربەی پاڵەوانێتییەکانی لەسەر ئاستی ئاسیا بەهۆی ئارامی شارەکە و بوونی ژێرخانی وەرزشی وەکو یاریگای گونجاو و هۆڵی گونجاو و هۆتیلی پێشکەوتوو و فرۆکەخانەی پێشکەوتوو و ....هتد. ئەمە هەمووی هۆکاری ئەنجامدانی پاڵەوانێتییەکانن، لەم شارەدا، نەك تەنیا لە یاری تۆپی پێ، بەڵکو لە زۆربەی یارییەکان، بە بڕیاری یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا یارییەکانی یانەی تەڵبە و هەولێر لە جامی یەکێتی ئاسیا لە یاریگەی شەهید فرانسۆ هەریری ئەنجام دەدرێت، دوای ئەوەی یانەی تەڵبە یەکەم یاری خۆی لەگەڵ یانەی وەحدات-ی ئوردنی لەم یاریگایە ئەنجامدا. بە پێویستمان زانی راوبۆچوونی شاندی میوان و دەستەی ناوبژیوانان و سەرپەرشتیاری یارییەکە دەربارەی شاری هەولێر وەربگرین.**




بایەخ زۆرەی کە بە ئێمەیان دا و خەڵکی شاری هەولێر لە نێو یاریگا سەلماندیان، کـــە خەڵکێکی وەرزش دۆســـت و خاوەن رەوشتی بەرزن و بەگیانی وەرزشی بەرز هانی هەموو تیپەکان دەدەن.

لە کۆتاییدا سەرپەرشـــتیاری ناوبژیوانی تایوانی چیـــن فۆن دەربارەی شـــاری هەولێـــر گوتی: کاتێك، کە گەیشـــتمە شـــاری هەولێر دڵم بە خەڵکی ئەم شارە کـــراوە، چونکە ئێمە وەکو خەڵکی تایوان وڵاتێکی ســـەربەخۆی نیـــن بەهەمان شێوەی خەڵکی کوردســـتان، بۆیە حەز دەکەم پشتگیرییەکی تەواوی ئەم هەرێمە بکـــەم و دوای تەواوبوونـــی یارییەکەی تەڵبـــە و وەحـــدات راپۆرتێکی یەکجار باش دەربارەی شـــاری هەولێر و یانەی هەولێـــر ئاراســـتەی یەکێتی تۆپی پێی ئاســـیام کردووە و لەم راپۆرتە ئاماژەم بە ئارامی ئەم شـــارە و پێشکەوتنەکەی لە هەموو روویەکـــەوە داوە، ئەمەش دەبێتە خاڵێکی یەکجار باش بۆ شاری هەولێر، چونکە لە دوا رۆژ ئەگەر شاری هەولێر یاخود یانـــەی هەولێر داوای میوانداری هەر پاڵەوانێتییەك لەســـەر ئاستی ئاسیا بکات، ئەوە یەکێتی تۆپی پێی ئاســـیا پشت بەم راپۆرتانە دەبەستێت.

لە درێژەی قسەکانیدا چین فۆن گوتی: بەڕاســـتی خەڵکی شاری هەولێر رێز لە میوان دەگرن و بایەخی پێدەدەن، لە کاتی گەیشـــتنم بۆ شـــاری هەولێر جەودەت ســـلێمان و دەســـتەی کارگێڕی یانەی هەولێـــر بایەخی بە من دا تـــا دوایین رۆژی گەڕانـــەوەم و زۆر سوپاســـیان دەکەم و هیوای ســـە ر کە وتنیا ن بـــۆ دەخوازم و هەروەها لـــە نێو یاریگە جەماوەری ئامادەبوو بـــە گیانێکی پڕ لە وەرزشـــی هانی هەردوو یانەیان دا و هەڵســـوکەوتیان لە نێو یاریگا زۆر باش بوو.

لە کۆتایی قسەکانیدا چین فون گوتی: جگـــە لە ئارامی شـــاری هەولێر و ئەو پێشـــکەوتنەی کە بەخۆوە بینیوە، زۆرم حەز لە کەبابی هەولێرە و رۆژانە ٦ شیش کەبابم دەخوارد، بەڕاســـتی خواردنێکی خۆشـــە و هیوادارم جارێکی تر سەردانی ئەم شارە بکەم.

جێگـــەی باســـە ئـــەم لێدوانانـــە پێش ئەنجامدانی یارییەکە بە رۆژێك و دوای تەواوبوونی یارییەکە و پێش گەڕانەوەی شـــاندەکانی میـــوان بـــۆ وڵاتەکانیان وەرگیراوە.





# ئەلێکس فێرگسۆن: ١٠٠ ملیۆن پاوند بۆ کڕینی یاریزانان

سێر ئەلێکس فێرگسۆن راهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵمەتێکی گەورە کە هاوشـــێوەی نەبووە لەمێژووی شەیتانە ســـوورەکان بە تەرخانکردنی بڕی ١٠٠ ملیۆن پاوند بۆ کڕینی یاریزانان لـــە وەرزی هاوینـــی داهاتوودا، ئەوەش مانای ئەوەیـــە کە یانەی مان یونایتد رکابەری هەردوو یانە دەوڵەمەندەکەی ئینگلتەرا (مانچســـتەر سیتی و چێلسی) دەکات لە بازاڕی یاریزانان.

لەدوای تازەکردنەوەی بۆنـــدی یاریزانان (وێین رونی و پاتریس ئیڤرا و مایکل کاریك و دارین فلیچەر)، راهێنەر فێرگسۆن هەوڵ دەدات چەند یاریزانێك بکڕێت بۆ بەهێزکردنی تیپەکەی بە مەبەستی بەدەست هێنانی نازناوەکانی خولی ئینگلتەرا و خولی یانەکانی ئەوروپا، بەپێی راپۆرتە هەواڵەکان یانەی مان یونایتد بڕی ٣٠ ملیۆن پاوندی تەرخانکردووە بۆ کڕینی یاریزان گاریس بال لە یانەی تۆتنهام، هەروەها تەرخانکردنی بڕی ١٥ ملیۆن پاوند بۆ هێنانی یاریزانی یانەی ســـەندەرلاند (هەندەرسۆن) لەگەڵ هەوڵدان بۆ کڕینەوەی هەردوو یاریزان ئاشـــلی یۆنگ لە یانەی ئەستۆن ڤیلا و چامبەرلین هێرشبەری یانەی ساوسهامبتۆن.

لەلایەکی دیکەوە یانەی مانچستەر یونایتد پێوستی بە گۆڵپارێزێك هەیە بۆ ئەوەی شـــوێنی ئەدوین ڤاندەر سار بگرێتەوە کە لەکۆتایی ئەم وەرزە ماڵئاوایی لە یاریکردن دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش بڕی ١٠ ملیۆن پاوند تەرخانکراوە بۆ کڕینی گۆڵپارێزێك کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە.

# کریستیانۆ و هاوڕێکەی لە ریکلامێک بەدیار دەکەون

کۆمپانیایەکی تایبەتمەندی جلوبەرگ و جوانکاری رایگەیاند یاریزانی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆ ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید رەزامەندی نیشانداوە لەگەڵ هاوڕێکەی خاتوو ئیرینا شایك بەیەکەوە لە ریکلامێك بەدیارکەون، واش چـــاوەڕوان دەکرێت ریکلامەکە لـــە هاوینی داهاتوو لەدوای تەواو بوونی ئەم وەرزە کاری وێنەگرتنی بۆ بکرێت.

ئەوە یەکەم جارە لە ریکلامێکدا کریستیانۆ لەگەڵ هاوڕێیە روسییەکەی ئیرینا بەیەکەوە بەدیار دەکەون، ئیرینا کە وەك نمایشکارێکی جلوبەرگ کاردەکات ماوەیەکە پێوەندی خۆشەویســـتی لەگەڵ کریســـتانۆ هەیە و واچاوەڕوان دەکرێـــت لەکۆتایی ئەم وەرزە هاوســـەرگیری بکەن بەپێی هەواڵی گۆڤارەکان لە ئیســـپانیا. یاریزان کریســـتیانۆ خاوەن گەورەترین داهاتە لە ریکلامەکان لە نێو یاریزانانی تۆپی پێی جیهانی، جگە لەوەش خاوەن گەورەترین ماڵپەڕە لە فەیسبووك لە نێو یاریزانان.





# سبستیان لۆب.. پێنجەمین نازناو لە رالی مەکسیک



شۆفێری فەرەنســـی سبستیان لۆب لە تیپی ستیروین نازناوی پاڵەوانیەتی رالی مەکسیك لەپێشبڕکێیەکانی ئۆتۆمبێل بەدەست هێنا کە قۆناغی دووەمی جامی جیهانیە، ئەوە یەکەم نازناوە بۆ شـــۆفێر لۆب لە ساڵی ٢٠١١ دوای ئەوەی لە رالی سوید تەنیا پلەی شەشەمی بەدەســـت هێنابوو، دەرچوونی شۆفێری فەرەنسی سبســـتیان ئۆجیێ بە هۆی رووداوێکی پێکدادان رێگە خۆشـــکەر بوو بۆ سەرکەوتنی لۆب و بەدەســـت هێنانی پلەی یەکەم، لەو کاتەی شـــۆفێری فنلەندی مێرکۆ هیرفۆنین لە تیپی فۆرد ڤیســـیتا بەپلەی دووەم هات. سبستیان لۆب ماوەی پێشبڕکێیەکەی بەکاتی ٣ کاتژمێر و ٥٣ خولەك و ١٧ چرکە بڕی بە جیاوازی زیاتر لە یەك خولەك و ٣٨ چرکە لەگەڵ میرکۆ هێرفۆنین خاوەن پلەی دووەم، بەڵام لە ریزبەندی گشتیدا هێرفۆنین لەپلەی یەکەم دێت بە کۆکردنەوەی ٤٦ خـــاڵ لەوکاتەی لۆب لە پلەی دووەم دێت بە کۆکردنەوەی ٣٧ خاڵ. شایانی باسە سبستیان لۆب کە حەوت ساڵە لەسەر یەك نازناوی جامی جیهانی پێشـــبڕکێیەکانی رالی بەدەســـت هێناوە، ئەوە جاری پێنجەمە لەسەر یەك کە نازناوی رالی مەکسیك بەدەست دەهێنێت کە نازناوی ژمارە ٦٣ یە لە ژیانی وەرزشیدا.



# ئیتۆ دەپارێتەوە



یاریزانی کامیرۆنی ساموێل ئیتۆ ئەستێرەی یانەی ئینتەر میلانی ئیتاڵی یەکێکە لە باشترین گۆڵکارانی ئەوروپا، زۆربەی یانەکانی ئیتاڵیا و ئەوروپا لەتوانای ئەم یاریزانە دەترسێن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە یاریزانی ناوبراو لە پیاوانی پۆلیسی هاتووچۆ دەترسێ، ئیتۆ لە یەکێك لەشەقامەکانی شاری میلان ئۆتۆمبێلەکەی لە شوێنێکی هەڵە راگرتبوو، لەو کاتەدا خانمە ئەفسەرێکی هاتووچۆی ئەم شارە سزای ئیتۆی دا و بە بڕی تەنیا ٣٢ یۆرۆ غەرامەی کرد، ئیتۆ بەم سزایە زۆر تورە بوو هەر بۆیە لە خانمە ئەفسەرەکە دەپارایەوە بۆ ئەوەی لێی خۆش بێت و سزای نەدات هەرچەندە مووچەی ئیتۆ هەفتانە تەنیا ١٨٥ هەزار یۆرۆیە، ماوەی پارانەوەی ئیتۆ نزیکەی ١٥ خولەکی خایاند، کەچی ئەم پارانەوەیە دادی ئیتۆی نەدا و لە کۆتاییدا ناچار بوو پارەکە بدات. رۆژنامەی میل ئۆنلاینی بەریتانی رەخنەی ئاراستەی ئیتۆ کرد و رایگەیاند کە یاریزانی ناوبراو لە ناو یاریگا ئاوا لە ناوبژیوانان ناپارێتەوە، بەڵام وادیارە ئیتۆ نەیدەویست ناوی لە لیستی سزادراوانی یاساکانی هاتووچۆ تۆمار بکرێت، شایانی باسە یاریزان ئیتۆ مووچەی ساڵانەی لە یانەی ئینتەرمیلان دەگاتە ٩ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار یۆرۆ.

# رۆجەر فیدرەر لەگەڵ پیت سامپراس مەشق دەکات


یاریزانی سویسری بەناوبانگ رۆجەر فیدرەر پاڵەوانی تێنسی سەر زەوی دووپاتی کردەوە رۆژانێکی جیاوازی لە ئەمریکا بەسەر بردووە بۆ خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانیەتی ئەندیانا ویلز کە لە ویلایەتی مەیامی ئەنجام دەدرێت، فیدرەر لە دوای دۆڕاندنی یاری کۆتایی پاڵەونیەتی دوبەی کراوە لە بەرامبەر یاریزانی سربی جۆکۆڤیچ بەرەو وڵاتی ئەمریکا بەڕێکەوت بۆ مەشق کردن، فیدرەر وتی: من خۆشحاڵم بە ئامادەبوونم لە ئەمریکا بۆ مەشق کردن، من چاوم لە نازناوی ئەندیانا ویلزە، کاتێکی خۆشم لەگەڵ یاریزانی بەناوبانگ پیت سامپراس بەسەربرد. هەروەها فیدرەر تەمەن ٢٩ ساڵ وتی: مەشقکردن لەگەڵ سامپراس سوودێکی زۆر و تاموچێژێکی تایبەتی هەیە، هەروەها سەیری یارییەکانی خولی باسکەی ئەمریکام کرد بەتایبەتی یارییەکانی یانەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز.

رۆجەر هەوڵ دەدات چەند نازناوێك بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی لە ریزبەندی یاریزانان شوێنی خۆی لە پلەی دووەم قایمتر بکات.



# گالیانی: کاکا بەمەرج دەگەڕێتەوە میلان

ئەدریانۆ گالیانی جێگری سەرۆکی یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی رایگەیاند بە یەك مەرج یانەکەی رازی دەبێت یاریزانی بەرازیلی ریکاردۆ کاکا بگەڕێتەوە یانەی میلان، گالیانی ئەوەشی روونکردەوە کە مەرجەکە تایبەتە بەمووچەی کاکا کە زۆر بەرزە و یانەی میلان توانای پێدانی ئەم مووچەیەی نییە کە یاریزانی ناوبراو لە یانەی ریال مەدرید وەریدەگرێت. راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی ئیسپانیا ئاماژەیان بەوەکرد ئەگەری گەڕانەوەی کاکا بۆ یانەی میلان لە ئارادایە بە هۆی کێشەکانی یاریزانی ناوبراو لە یانەی شاهانەی ئیسپانیا بە تایبەتی لەم وەرزەدا، هەروەها دەرنەکەوتنی کاکا بە ئاستی راستەقینەی خۆی بە هۆی ئەو پێکانەی کە تووشی هاتبوو لە دوای مۆندیالی ٢٠١٠ و ئەنجامدانی نەشتەرگەری . گالیانی لە لێدوانەکانی بۆ بەرنامەی دۆمەنیکا سپورتیڤا وتی: ریکاردۆ کاکا مووچەیەکی گەورە وەردەگرێت، چونکە باج وەرگرتن لە ئیسپانیا کەمە، من دڵگرانم بۆ کاکا، چونکە کێشەی هەیە لەیانەی ریال، بەڵام گەڕانەوەی بۆ میلان پێویستی بە کەمکردنەوەی مووچەکەی هەیە لەبەر ئەوەی ئێمە لەیانەی میلان تەنیا توانای پێدانی یەك مووچەی گەورە هەیە کە مووچەی ئیبراهیە. شایانی باسە مووچەی کاکا نزیکەی ٩ ملیۆن یۆرۆیە لە یانەی ریال و چەند یانەیەکی دیکە وەك ئینتەر میلان و مانچستەر سیتی و چێلسی و رۆبن کازان داوای کاکا دەکەن.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## ویسام رزق تایبەت بە گۆڵان

# چانس یاوەرمان نەبوو




**ویسام رزق، ساڵی ١٩٨١ لە کوێت لە دایك بووە، خەڵکی وڵاتی فەڵەستینە و رەگەزنامەی قەتەری وەرگرتووە و، یەکێکە لە یاریزانە هەر باشەکانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی سەد و هەڵبژاردەی قەتەر و هەروەها لە یانەی خور یاریکردووە. لە یەکێك لە یەکە مەشقییەکانی یانەی سەد، لە وڵاتی قەتەر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.**

**دیمانە: ڕێبین ڕەمزی. قەتەر**

*** بۆچی لە تۆپی پێدا، هەڵبژاردەی قەتەر ماڵئاوایی لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا کرد؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی قەتەر لاو بوون و ئەزموونیان لەم جۆرە پاڵەوانێتیانە کەم بوو، لە بەرانبەر هەڵبژاردەیەکی بەهێزی وەکو هەڵبژاردەی ژاپۆن یاریمان کرد، دەتوانم بڵێم لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەی لەسەر شانمان بوو جێبەجێمان کرد.

*** ئایا لە ئاستی خۆت ڕازیت، کە لەم پاڵەوانێتییەت پێشکەش کرد؟**

- بەڵێ، لە ئاستی خۆم رازیم و زۆربەی ڕۆژنامەنووسەکان و جەماوەر ستایشی ئاستی منیان کرد لەم پاڵەوانێتییەدا.

*** هۆکاری ئەنجامە خراپەکانی یانەی سەد بۆ چ دەگەڕێتەوە؟**

- لە سەرەتاوە چانس یاوەرمان نەبوو زۆربەی یاریزانەکان تووشی پێکان بوون ئەمەش گرفتێکی زۆری بۆ دروست کردین، بەڵام ئێستا کەش و هەوای تیپەکە زۆر گەشبینە و یاریزانەکان هەوڵ دەدەن ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان لە یارییەکان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێنەوە نێو ڕکابەرییەکان.

*** چۆن دەڕوانییە بڕیاری دەستنیشان کردنی فۆساتی وەکو ڕاهێنەری یانەی سەد؟**

- گەڕانەوەی ڕاهێنەری فۆساتی بۆ ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی سەد بڕیارێکی سەرکەوتوو بوو و کاریگەری لەسەر یاریزانەکان لە ڕووی دەروونی هەبوو، چونکە ڕاهێنەر فۆساتی بەوە ناسراوە کە مامەڵەی لەگەڵ یاریزانان باشە و وەکو یەك ئەندامی خێزان مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.




*** چۆن دەڕوانییە ئاستی یاریزانە پیشەگەرەکانی یانەی سەد؟**

- گشت ئەو یاریزانانەی کە دەستەی کارگێری یانەکەمان گرێبەستی لەگەڵ مۆر کردوون یاریزانانی بە ئەزموونن، وەکو نزیر بلحاج و عەبدولقادر کیتا و لینادرۆ بۆیە ئەم یاریزانانە کاریگەری خۆیان لەسەر ئاستی یانەکەمان هەیە.

## حەفیز دەراجی بێژەری کەناڵی جەزیرە سپۆرت تایبەت بە گوڵان

# هەوڵ دەدەم هاوسەنگی لە کارەکانم بکەم



**حەفیــز دەراجی لە دایکبووی ســاڵی ١٩٦٤ی وڵاتی جەزائیرە و خاوەن بڕوانامەی کۆلێژی ئاداب و پەیمانگای ڕاگەیاندنە لە جەزائیر، لە ساڵی ١٩٩٠ لە جەزائیر دەســتی بە کاری ڕاگەیاندنی وەرزشــی کردووە، پێش کاری ڕاگەیاندنی وەرزشی لە یانەی مەولودەیەی جەزائیر یاریزانی تۆپی پێی بووە، لە کەناڵی ئاســمانی ئەلجەزائیر ســەرۆکی بەشی وەرزش بوو، دواتر بەڕێوەبەری بەشی هەواڵەکان و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەشی وەرزشــی و پاشان بووە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشــتی کەناڵەکە، دواتر بەهۆی چەند کێشــەیەك ئەم کەناڵەی جێهێشت و ڕووی لە کەناڵی جەزیرە سپۆرت کرد، بەپێی ئاماری تایبەت بە خۆی تەعلیق-ی زیاتر لە ٦٠٠ یاری تۆپی پێی کردو لە جامی جیهانی و ئۆلۆمپیاد و خولەکانی ئەوروپا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا...تاد. دوو جار بە باشترین (معلق) لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی دەستنیشان کرا، یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠١ بە پێی ڕاپرسی ڕۆژنامەیەکی مەغریبی و دووەم جاریش لە ساڵی ٢٠٠٩ بە پێی ڕاپرسی ماڵپەری کووورە، دوای ئەوەی سەردانی کەناڵی جەزیرە سپۆرتم کرد لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەم لەگەڵ حەفیزی دراجی ئەنجامدا.**

**دیمانە: ڕێبین ڕەمزی - قەتەر**

*** ئاستی جامی نەتەوەکانی ئاسیات چۆن بینی؟**

- دەتوانم بڵێم جامی نەتەوەکانی ئاسیا دوو ئاستە، ئاســتی هەڵبژاردەکانی ڕۆژئاوای ئاسیا و ئاستی هەڵبژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاســیا جیاوازییەکی زۆر لە ئاســتی ئەم هەڵبژاردانە هەیە بە تایبەتی ئاســتی هەڵبژاردە عەرەبییەکان، کە جێگەی داخە لەم پاڵەوانەتییە ئاســتیان نزم بوو، بۆیە تۆپی پێ لە ناوچەی عەرەبی پێویســتی بــە کارکردن هەیە و ئێســتا لە ناوچــەی کەنــداو پارەیەکی زۆر لە بواری تۆپی پێی ســەرف دەکرێت، بەڵام بایەخ بە یاریزانی تازەپێگەیشتوو نادەن، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە و دەبێت چارەســەر بکرێت، چونکە بایەخ دان بــە یاریزانی تازەپێگەیشــتوو زۆر گرنگە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵبژاردەکان.

*** ئامانجی پرۆگرامی بە (گیانێکی وەرزشی) کە لە کەناڵی جەزیرە پێشکەش دەکرێت چییە؟**

-ئامانجی سەرەکی دووبارە دروستکردنەوەی گفتوگۆ و دیالۆگی وەرزشــی و هەروەها بەشــداریکردنی جەماوەری وەرزشی بوو، بۆ دەرخستنی بیروبۆچوونــەکان و پێشخستنی ڕۆشنبیری وەرزشی و هەروەها بۆ ئەوەی بزاندرێت، کە تۆپی پێی تەنیا ١١ یاریزان نییە، بەڵکو چەندین شتی تر هەیە دەبێت شیبکرێتەوە.

* ئایا حەز دەکەیت لە بواری پێشکەشکردنی پرۆگرام بەردەوام بیت یاخود تەعلیق-ی یارییەکان بێت؟

- حــەز دەکــەم هەردووکیان پێشــکەش بکەم، بەڵام نامەوێ خۆم بســووتێنم، ئەویش بە پێشکەشکردنی ژمارەیەکی زۆری پرۆگرام و هەوڵ دەدەم هاوسەنگی لە نێوانیان دروســت بکەم، بۆ ئەوەی جەماوەر هەردەم پەرۆشــی پرۆگرامەکانم بێت و ســەیری بکەن و لە بواری تەعلیق ســاڵانێکی زۆر لەم بوارە کار دەکەم و جەماوەرێکی زۆرم هەیە.

*** بەنیازیت بگەڕێیتەوە کەناڵی ئەلجەزائیریە ٣، کە لەم کەناڵە ناوبانگت دەرکرد؟**

- لــە جەزائیــر دەزگایەکی تایبەت بــە ڕاگەیاندن هەیە، لەم دەزگایە سێ کەناڵی تێدایە، کەناڵێکــی لۆکالی و دوو کەناڵی ئاســمانییە، لەم کەناڵــە تەنیا بەرپرسی بەشی وەرزش نەبووم، بەڵکو یاریــدەدەری بەڕێوەبەری گشــتی بــووم لــە کەناڵەکە و چەندین پۆســتی تــرم هەبوو و زیاتــر لە بواری سیاســی کارم دەکرد، بەڵام کاتێکی باشم هەڵبژارد بــۆ ئەوەی ئەم کەناڵە جێبهێڵــم و ڕووم لە کەناڵی جەزیرە کرد، چونکە زۆربەی بێژەر و ڕۆژنامەنووس و پێشکەشــکاری پرۆگرامەکان خــەون بەم کەناڵە دەبینن بۆ ئەوەی ئەو کارە بکەن و یەکێکە لە کەناڵە هەرە بەناوبانگەکان لەسەر ئاستی جیهان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- زۆر خۆشــحاڵم، کە بۆ یەکەم جــار دیمانەیەك لەگەڵ ڕۆژنامەنووســێکی کــورد ئەنجام بدەم بۆ ئەوەی لــە گۆڤارەکانی کوردســتان بڵاوبێتەوە و دەزانم لە کوردســتان خەڵك وەرزشدۆستن، چونکە چەندین پێشــنیارم لە کوردســتانەوە بۆ هاتووە لە ڕێگەی ئیمێل و ئێمە لە کەناڵی جەزیرە ئامانجمان خزمەتکردنی جەماوەری وەرزشییە لە گشت جیهان و زۆر سوپاستان دەکەم.

